# دیارنەمانی زۆرەملێ: نهێنییەکی دیاری تورکیا

Solidarity with OTHERS, Belgium

**May 2020**

## Executive Summary

## کورتەی جێبەجێکار

پاش هەوڵێکی شکستخواردووی کودەتا لە تەممووزی 2016 حکومەتی تورکی هەڵمەتێکی بەربڵاوی بەرەنگاری سەرپێچیکارانی دەستپێکرد، کە بووە هۆی پێشێلکارییەکی زۆر لە مافەکانی مرۆڤ و سەرپێچیکردن بە ڕێژەیەکی نەبینراو. لەکاتێکدا کە دەستبەسەرکردن و گرتنی هەڕەمەکیی دەیان هەزاران کەس بە بیانوی پەیوەندی تیرۆریستی یان وتاری ئاشتی بە بەربڵاوی تۆمارکراوە، پێشێلکردنی ئازادی تەنها بە دەستبەسەرداگرتن و گرتنی فەرمی نەوەستاوەتەوە. هەروەها دیارنەمانی لەناکاوی کۆمەڵێک خەڵکی لەخۆگرتووە، بە زۆری ئەو کەسانەی کە پەیوەندیی دیاریان بە بزاڤەکەی گولەنەوە هەبووە، گرووپێک لەسەر بنەمای باوەڕ کە لەلایەن حکومەتەوە بە ئامانج کراوە. ئەم ڕاپۆرتە سەرنجێکی قوڵ دەخاتە سەر 25 کەیسی لەو جۆرە کە لە 2016وە لەناو تورکیادا ڕوویانداوە و چەند حاڵەتێکی دووبارەبووەوە دەناسێنێت کە لەم ڕووداوانەدا بوونیان هەیە.

May 2020

All rights reserved.

Solidarity with OTHERS, Belgium

www.solidaritywithothers.com

info@solidaritywithothers.com

دیارنەمانی زۆرەملێ: نهێنییەکی دیاری تورکیا

**ا.پێشەکی**

دیارنەمانی زۆرەملێ، یەکێکە لە پەڵە ئابڕووبەرەکان بە تۆماری مافەکانی مرۆڤی تورکیاوە، کە لەلایەن هێزی ئەمنی یان گروپی نهێنییەوە بە ڕەزامەندی یان ئاگاداریی کاربەدەستان ئەنجامدراوە.

لە نێوان کودەتای 1980 و هەوڵی کودەتاکەی تەمووزی 2016، مەزەندەدەکرێت 2000 کەس بە بەزۆر ڕفێندرابن، کە 450 کەیسیان پشتڕاستکراونەتەوە. ئەم دیارنەمانانە بەتایبەت کەمینەی کوردی تورکیایان لە گەرمەی پێکدادانی چەکداریی دەوڵەت و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە ساڵانی نەوەدەکان کردووەتە ئامانج.

سەرەتای دووهەزارەکان پێشکەوتنێک لە مێژووی مافەکانی مرۆڤی وڵاتەکەدا ڕوویدا، بەشێکی زۆر بەهۆی تەوژمی گفتوگۆی چوونە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، کە بووە هۆی ئەوەی زۆرێک بڕوایان وابێت رفاندنەکان کۆتاییان هاتووە، سەرەڕای نەبوونی لێپێچینەوە لە دەستدرێژییەکانی ڕابردوو. ئەم تێڕوانینە تاکو هەوڵێکی کودەتای شکستخواردوو لە 15ی تەمووزی 2016 بەردەوامبوو.

## ب. هەوڵی کودەتای تەمووزی 2016 و یاسای لەناکاو

لە 15ی تەمووزی 2016، چەند لایەنێک لەنێو هێزە چەکدارەکانی تورکیادا (TSK) بە دەستبەسەرداگرتنی چەند شوێنێکی گرنگ لە ئەنقەرە و ئیستانبوڵ هەوڵی کودەتایان بەسەر ڕەجەب تەیب ئێردۆغان و حکومەتەکەیدا دا. ئەم هەوڵە لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکومەتەوە پوچەڵکرایەوە.

ئێردۆغان و حکومەتەکەی دەڵێن بزاڤەکەی گولەن کە لەسەر بنەمای باوەڕ دامەزراوە و فەتحوڵا گولەن کە مامۆستایەکی ئاینییە و نیشتەجێی ویلایەتە یەکگرتووەکانە رابەرایەتیی

دەكات، هەوڵی كودەتا شكستخواردووەكەیان داوە. گولەن هەر جۆرە بەشدارییەكی ڕەتكردووەتەوە و داوای لێكۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی كردووە.

پێش هەوڵی كودەتاكە، حكومەتی توركی بزاڤەكەی وەک ڕێكخراوێكی تیرۆریستی لە قەڵەم دابوو. كاربەدەستانی ویلایەتە یەكگرتووەكان تاكو ئێستا ڕەتیانكردووەتەوە كە گوێڕایەڵیی داوا یەک لەدوای یەكەكانی ڕادەستكردنەوەی گولەن بكەن، بەهۆی شكستهێنان لە پێشكەشكردنی بەڵگەی پێویست.

لێپرسراوانی حكومی لە چەند وڵاتێكی ڕۆژئاواییەوە گومانی خۆیان لە هەڵسەنگاندنەكانی توركیا دەربارەی ڕووداوەكە و ڕۆڵی بزاڤەكەی گولەن دەربڕیوە. نەتەوە یەكگرتووەكان، یەكێتیی ئەوروپا و بەشێكی دیاری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزاڤەكەیان وەک ڕێكخراوێكی تیرۆریستی لەقەڵەم نەداوە. ئەم ڕاپۆرتە هیچ لایەنێک ناگرێت لە هەركامێک لەم مشتومڕانەدا.

دوابەدوای هەوڵی كودەتا شكستخواردووەكە، حكومەتی توركی سێ مانگ باری نائاسایی ڕاگەیاند كە دەسەڵاتی زۆرینەی بە ئێردۆغان و كابینەكەی بەخشی. یاسای باری نائاسایی بەردەوام درێژدەكرایەوە كە تاكو تەمووزی 2018 لەكاردابوو، پاش ئەوە زۆرینەی دەسەڵاتی باری نائاسایی لە ڕێگەی یاسادانانەوە بە یەكجاری كرانە كارەوە.

ماوەی پاش كودەتا بە چەندین جۆری جیاوازی دەستدرێژی بۆ سەر مافەكانی مرۆڤ دەناسرایەوە، وەک كوشتنی هەڕەمەكی؛ مردنی گوماناوی لە ژێر دەستبەسەریدا؛ دیارنەمانی زۆرەملێ؛ گرتن و دەستبەسەركردنی هەڕەمەكیی دەیان هەزاران كەس لەنێویاندا سیاسەتمەدار، پارێزەر، ڕۆژنامەنووس و خەڵكی جۆراوجۆر؛ لێپێچینەوەی سیاسی؛ داخستنی دامەزراوە میدیاییەكان؛ و سنووردانانی زۆر لەسەر ژمارەیەک ئازادی لەنێویاندا ئازادیی ڕادەربڕین، ڕێكخستن، پەیوەندی و بزاڤیی.

ئەم ڕاپۆرتە سەرنج دەخاتە سەر 25 كەیسی ڕفاندنی زۆرەملێ كە لە هەوڵی كودەتا شكستخواردووەكەی 15ی تەمووزی 2016وە تۆماركراون و كەیسێک كە لەپێش هەوڵی

کودەتاکەوە تۆمارکراوە. مەوداکەی لەو حاڵەتانەدا سنوردارکراوە کە لەناو تورکیادا دیارنەماون.

### پ. دەنگۆی دیارنەمانی زۆرەملێ لە 2016وە

لە ڕاپۆرتێکی پێشووتردا، سەنتەری ئازادی لە ستۆکهۆڵم (SCF) حاڵەتێکی دووبارەبووەوەی دەستنیشانکرد کە لە زۆر لەم کەیسانەدا ڕوویانداوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ڕفاندنەکان لە شاری ئەنقەرەی پایتەخت چڕبوونەتەوە و زۆربەی قوربانییەکان ئەندامی بزاڤەکەی گولەنن. لە زۆرینەی کەیسەکاندا، کەسانی چەکدار کە خۆیان وەک پۆلیس ناساندووە قوربانییەکانیان کردووەتە ئۆتۆمبێلی ڤانەوە، زۆرجار ڤانی ڤۆڵکسواگنی جام ڕەش. ڕووداوەکان بە حاڵەتەکانی ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە ناسران، وەک بەراوردێکی ئاشکرا بە کەیسەکانی توورەسە سپییەکە کە مەبەست لێی ئەو ئۆتۆمبیلی ڕینۆ 12 سپییانەیە کە لە ساڵانی نەوەدەکان پەیوەندییان بە دیارنەمانی هاوڵاتییانەوە هەبووە بەتایبەت باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە زۆرینەی کوردە.

هەروەها دیارنەمانەکان نەبوونی خواستی پۆلیس و لێکۆڵەرەوانی لەگەڵ بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگۆکان سەرەڕای سکاڵای خێزانی کەسەکان، ئەمە جگە لەگەڵ کێشەی ڕێگەدان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیای پاش کودەتادا.

بابەتێکی دیکەی دووبارەبووەوە بریتیبوو لە دەرکەوتنەوەی هەندێک لە قوربانییەکان بە دەستبەسەری لای پۆلیس پاش چەند مانگێک، بە گوێدانە شوێنی پێشوتریان کە ئەندامانی خێزانەکانیان لێی بەگومان بوون. بەشێکی کەمیان دووپاتیانکردووەتەوە کە براون بۆ شوێنی دەستەبەرکردنی نهێنی لەوێ لەژێر ئازاردا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە. هەندێکیان هەرگیز دەرنەکەوتنەوە.

**1. سونای ئێلماس**



*Sunay Elmas*

سونای ئێلماس، مامۆستا، لە 27ی کانونی دووەمی 2016 لە ئەنقەرە دیارنەماوە. پاش گەیاندنی منداڵەکانی بۆ ماڵەوە لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بووە کاتێک بە زۆر براوەتە ڤانێکی گوێزەرەوەی ڤۆڵکسواگن لە نزیک مۆڵی بازاڕکردنی CEPAی ئەنقەرە. تۆماری کامێرای چاودێری کە خێزانەکەی دەستیان خستووە دەریدەخات ئێلماس پاش هاتنەدەرەوەی لە ئۆتۆمبیلەکەی بە زۆر خراوەتە ڤانەکەوە. بەهەرحاڵ، پۆلیسی ئەنقەرە و لێکۆڵەرەوان هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیان ئەنجام نەداوە. ئێلماس تاکو نوسینی ئەم ڕاپۆرتە دیار نییە.

**2. ئەیهان ئۆران**

ئەیهان ئۆران، ئەندامێی پێشووی دەزگای زانیاریی نەتەوەیی تورکیا (MİT) کە لە ئابی 2016 لەسەر ئەوەی گوماندەکرا پەیوەندی بە گولەنەوە هەیە لە کارەکەی دورخراوەتەوە. لە 1ی تشرینی دووەمی 2016 دیارنەماوە. تۆماری کامێرای چاودێری ئۆران دەردەخات کە لە کاتژمێر 12:38 بە ئۆتۆمبێلی خۆی یەکەی نیشتەجێبوونەکەی جێدەهێڵێت و ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە مۆبایلەکەی تا کاتژمێر 16:00ی هەمان ڕۆژ ئاماژە (شەبەکە)ی وەرگرتووە. ئۆران بەبێ ماڵئاوایی لە خێزانەکەی یان هەڵگرتنی پارە ماڵەکەی جێهێشتووە. دەزگایەکی هەواڵی نزیک PKK ڕایدەگەیەنێت ئۆران زانیاریی لەسەر ڕووداوی تیرۆرکردنی سێ چالاکوانە کوردەکەی پاریس هەبووە لە کانوونی دوومی 2016، کە هەندێک بڕوایان وایە لەلایەن (MİT)ەوە ئەنجامدراوە. ئۆران تا نووسنی ئەم ڕاپۆرتە هێشتا دۆسییەی نییە. هەروەها ئۆتۆمبیلەکەشی نەدۆزراوەتەوە.

### 3. موستەفا ئوزگور گولەتکین

موستەفا ئوزگور گولەتکین، فەرمانبەری فەرمانگەی چاودێری، لە 21ی کانوونی یەکەمی 2016 ونبووە. تۆماری کامێرای چاودێری کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە لە گەڕەکەکەیان کۆکراوەتەوە ئۆتۆمبێلەکەی دەردەخات کە چوار ئۆتۆمبێلی دیکە شوێنی کەوتوون و دەریدەخات بە زۆر خراوەتە ڤانێکی ڕەشەوە لەکاتی وەستان لە دوکانێکدا بۆ کڕینی شتومەک. ئەندامانی خێزانەکەی وتیان پۆلیس هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام نەداوە سەرەڕای هەبوونی تۆماری کامێرای چاودێری کە ئەو کەسانەی تیایدابوون بە ڕوونی دەناسرانەوە. گولەتکیم پاش چەند مانگێک لە ئەنقەرە لەژێر چاودێریی پۆلیسدا دەرکەوتەوە. لە نامەیەکدا کە بۆ پارێزەران و هەروەها دادوەر و لێکۆڵەرانی ناردووە کە سەرپەرشتیی کەیسەکەی دەکەن، گولەتکیم ئاشکرایکرد کە بۆ ماوەی 121 ڕۆژ ئەشکەنجەی دڕندانەی دراوە و پاشان لە 21ی نیسانی 2017 ڕادەستی پۆلیسی ئاسایی کراوە. ئەوەشی خستەڕوو کە، لەماوەی 13 ڕۆژی دەستبەسەرکردنی لای پۆلیس، ناچارکراوە کە کۆمەڵێک وتەی ئامادەکراو واژۆ بکات کە پێشتر زۆری لێکراوە بۆ کامێرای بخوێنێتەوە لەکاتیکدا لەلایەن (MİT)ەوە بە نهێنی لێکۆڵینەوەی لێکراوە. گولەتکین وتی لەترسی ئەوەی دیسانەوە ئەشکەنجە نەدرێتەوە هەموو شتێکی واژۆ کردووە. ئەوەی ئاشکراکرد کە سوودی لە ئازادکردنی بە کاتی بینیوە تا کاتی دادگاییکردنی بۆ ئەوەی لە وڵات هەڵبێت.

### 4. حوسەین کوتوجە

حوسەین کوتوجە، فەرمانبەری فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی (BTK)، لە 28ی شوباتی 2017 لە ئەنقەرە دیارنەماوە. ڕاگەیەندراوە کە بەرەو شوێنێک ڕفێندراوە لە نزیکی وێستگەی میترۆی باتکەنت چونکە ئۆتۆمبێلەکەی لە گەڕاجی وێستگەی میترۆکە دۆزراوەتەوە. چاکەتی زستانەی کوتوجە و کێکێک کە کڕیبووی لە ئۆتۆمبێلەکەدا دۆزرابوونەوە. پۆلیس گوێی لە داوا دووبارەکانی ئەندامانی خێزانەکەی

نەگرت بۆ گەڕان بۆ شوێن پەنجە لە ئۆتۆمبێلەکەدا و تۆماری کامێرای چاودێریی لە ناوچەکە کۆبکاتەوە. لە 2019، کوتوجە وەک تۆمەتبار دەرکەوتەوە لە دادگادا بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لە تیرۆرکردنی ئەندرێی کارلۆڤ، باڵوێزی ڕوسیا لە تورکیا. لە دانیشتنێکی دادگادا لە ئازاری 2019، تێوەگلانی لە تیرۆرکردنەکە ڕەتکردەوە و وتی کە ئەو وتەی دانپێدانانەی کە پێشتر لەژێر چاودێریی پۆلیسدا پێشکەشی کردووە سیناریۆیەک بووە لەژێر ئەشکەنجەدا پێی لەبەرکراوە لەکاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا کاتی ڕفاندنەکەی. دادگاییکردنەکە تەواونەکراوە و کوتەجە تا نوسینی ئەم ڕاپۆرتە بەندکراوە.

**5. مەسعود گەچەر**

müşahede ettim, yaklaşık 5 ila 8 araç kadardı bunlar Fatih'te kızkardeşimin evine gittiğimde oradaydılar sonrasında akşam saat 16 sularında ben evden ayrıldım, evden ayrılırken bu plakaları kızkardeşime bıraktım takip edildiğimi takip edeninde tanıdığım insanlar kimseler olduklarını söyledim, kaçırılmak gibi bir şey hiç aklımda değildi, takip evet teşkilat takip edebilir devletin güvenlik güçleri takip edebilir bu her zaman olabilecek bir şey bunu anlarım ama kaçırılacağımı hiç düşünmemiştim, yaklaşık 4, 4 buçuk sularında evden ayrıldıktan sonra o muhite yakın şuanda sokak cadde isimlerini hatırlayamıyorum cam büfenin karşısında polis kontrolü maskesi ile araçları durdurdular durdurduklarında bende durdum yani her Türk vatandaşının uyması gerektiği gibi kanunlara uydum, camımı açtım araçtan inmemi istediler, bu arada arkada duran araçlara ise siz niye duruyorsunuz hani siz devam edin şeklinde istemedikleri bir ortam oluştuğunu düşünerek mukabelede bulundular az önce bahsettiğim 58 plakalı Gri Doblo araç yanaştı sağ kapısını kayar kapısını açtılar içeride maskeli, yüzü maskeli 2 kimse oturuyordu onun yanına geçmemi istediler bende geçtim yanlarına ellerimi" demiştir.

**Başkan Mehmet KARATAŞ:** "Ses hala kısık" demiştir.

**Sanık Mesut GEÇER'in SEGBİS sistemi ile kayıt altına alınan savunmasında:**" Ellerimi arkadan kelep" demiştir.

**Başkan Mehmet KARATAŞ:** "Sesle ilgili bir sorununuz mu var?" demiştir.

*Part of the courtroom statement in December 2019 where Mesut Geçer revealed that he was abducted by state agents*

مەسعود گەچەر، ئەندامی پێشووی دەزگای زانیاریی نەتەوەیی تورکیا (MİT) کە لە ئازاری 2017 لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە 18ی ئازاری 2017 لە ئەنقەرە دیارنەماوە. بەپێی وتەی خۆی لە دادگا، لەلایەن کۆمەڵێکەوە لەسەر شەقام شوێنی کەوتوون کە وەستاندوویانە و خۆیان وەک پۆلیس ناساندووە. گەچەر خراوەتە ئۆتۆمبێلێکی دیکەو و کیسەیەک خراوەتە سەری. دانپێدانانەکەی لە دادگا وردەکاریی لێکۆڵینەوە دڕندانەکەی لەخۆگرت کە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەژێریدا بووە تاکو لە حوزەیرانی 2017 تەندروستیی تێکچووە. گەچەر وتی کە بۆ ماوەیەکی کەم براوە بۆ سوریا و لەوێ هێشتویانەتەوە تاکو براوەتەوە بۆ تورکیا و لە تەمووزی 2018 لە ناوچەی هاتای سنوری دراوەتە دەست هێزەکانی جەندرمە. ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەشکەنجەوە

دووچاری کێشەی تەندروستیی درێژخایەن بووە. گەجەر تا ئێستا لە زیندانیی سینکان لە ئەنقەرە دەستگیرکراوە.

### 6. تورگوت چاپان


Turgut Çapan


تورگوت چاپان، فەرمانبەری پێشووی زانکۆی ئوزالە کە سەر بە گولەنە کە لە کاتی باری نائاساییدا داخرا، لە 31ی ئازاری 2017 کە ونبووە. دیارنەمانی چاپان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە ئولکو چاپان کە لە 14ی نیسان حسابێکی تویتەری کردەوە و گرتەی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە بۆ ڕای گشتی ئاشکراکرا، تیایدا وتی هاوڕێیەکی هاوسەرەکەی هاتووەتەماڵەوە و وتویەتی کە چاپان ڕفێندراوە. بە ماوەیەکی کەم لە دەرکەوتنەکە پۆلیس هاتوونەتە سەر ماڵەکە و ئولکو چاپان بۆ ماوەیەکی کەم دەستبەسەر کراوە و بەردراوە. پاشان چاوی بە پارێزگاری ئەنقەرە ئێرکان تۆپاکا کەوتووە کە ئولکو وتی هەوڵیداوە بڕوای پێ بهێنێت کە لەوانەیە هاوسەرەکەی خۆی هەڵهاتبێت. ئولکو چاپان هەروەها تۆماری کامێرای چاودێریی لە ناوچەکە کۆکردووەتەوە کە تیایدا ڤانێکی ڕەش دەردەکەوێت کە بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات کۆتاجار هاوسەرەکەی تێدا بینراوە، هەرچەندە تۆمارەکە ساتەوەختی ڕفاندنەکەی تێدا دەرنەچووە. ئولکو چاپان دوای ئەوە بەردەوام بووە لە باسکردنی بابەتەکە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان تاکو ئایاری 2017 کە ئەو حسابەی لە تویتەر کردبوویەوە نا چالاک بوو، لە حوزەیران، ڕۆژنامەی دەیلی سەباحی سەر بە حکومەت ڕایگەیاند تورگوت چاپان بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵهاتووە، هەرچەندە هیچ وردەکارییەکی پێشکەش نەکرد. ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ کە پەیوەندییان لەگەڵ ئولکو چاپان هەبووە ڕایانگەیاند ناتوانن پەیوەندیی پێوە ببەستنەوە.



*Önder Asan*

### 7. ئوندەر ئاسان

ئۆندەر ئاسان، لە قوتابخانەیەکی تایبەت وەک مامۆستا کاری دەکرد کە لەکاتی باری نائاساییدا بەهۆی پەیوەندیی بە گولەنەوە داخرابوو، لە 1ی نیسانی 2017 ونبووە. شایەتحاڵێک چەند پیاوێکی بینی کە وتیان ئەفسەری پۆلیسن و ئاسانیان رفاند، لە تاکسییەک کردیانە دەرەوە و کردیانە ڤانێکەوە. پۆلیس و لێکۆڵەران پاش چەند سکاڵایەک لەلایەن فاتمە ئاسانی هاوسەرییەوە هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەکرد. کاربەدەستان تەنانەت تۆماری کامێرای چاودێرییان لە ناوچەکە کۆنەکردەوە. لە 12ی ئایار، فاتمە ئاسان پەیوەندییەکی لەلایەن پۆلیسی ئەنقەرەوە پێگەشت کە ئاگاداریان کردووە هاوسەرەکەی لای پۆلیس دەستبەسەرە. لەکاتی چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ پارێزەرەکەیدا، ئوندەر ئاسان وتی پاش ئەوەی باری ئۆتۆمبێلەکەی بینیوە تەکسییەکی گرتووە، و تەکسییەکە لەلایەن چوار ئۆتۆمبێلەوە رێگەی لێ گیراوە و ئەو چەکدارانەی لەو ئۆتۆمبێلانەوە هاتوونەتە دەرەوە وتیان پۆلیسن. ئاسان وتی پاشان بە زۆر کراوەتە ڤۆڵکسواگنێکی رەشەوە و بە چاوبەستراوی براوە بۆ شوێنێک کە پێی ئاشنا نەبووە و لەوێ بۆ ماوەی 42 رۆژ ئەشکەنجە دراوە. لە 12ی ئایار براوە بۆ شوێنێک لە نزیک دەریاچەی ئیمیر لە باشووری شاری ئەنقەرە و ناچار کراوە تەلەفون بۆ پۆلیس بکات و پێیان بڵێت کە دەیەوێت خۆی بەدەستەوە بدات. هەروەها ئاسان وتی کە زۆری لێکراوە تا دانپێدانانێک واژۆ بکات کە خۆی بە ئەندامی بزاڤەکەی گولەن بناسێنێت. کاتێک یەکەم جار هێنراوە بۆ بنکەی پۆلیس کە بوراک چۆلاکی پارێزەری لێ بینیوە، وتراوە کە بە ئاستەم توانیویەتی بوەستێت و بڕوات، چۆلاک بۆ ماوەیەکی کەم دەستبەسەر کرا پاش ئەوەی کە ڕەتیکردەوە وتەیەک لە جێی بریکارەکەی واژۆ بکات کە پۆلیس بە زۆر هەوڵیان دابوو پێی واژۆ بکەن.



*Cengiz Usta*

### 8. جەنگیز ئوستا

جەنگیز ئوستا، مامۆستای قوتابخانەیەکی حکومی پێشووە کە لەسەر پەیوەندی بە گولەنەوە لە کاتی باری نائاساییدا لە کارەکەی دەرکرابوو، لە ناوچەی تۆرپالی ئیزمیر لە 4ی نیسانی 2017 رفاندنەکەی ئاشکرابووە. ئەندامانی خێزانەکەی ڕایانگەیاند کە بۆ پارەدانی شوقەکەی ماڵەکەی بەجێهێشتووە و نەگەڕاوەتەوە. پێگەیەکی هەواڵیی ناوخۆیی ناوچەکە ڕایگەیاند شایەتحاڵێک بینیویەتی بەزۆر خراوەتە ئۆتۆمبێلێکەوە. پاش سێ مانگ، ئوستا پەیوەندیی بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە کرد تاکو پێیان بڵێت لە هەرێمی ئەفیۆنە و دەگەڕێتەوە ماڵەوە. ڕاپۆرتی هەواڵی وتویانە کە کێشەی دەروونیی هەبووە و پێویستی بەوە بووە کە بۆ ماوەیەک بە تەنها بێت. لە لایەکی دیکەوە، ئۆندەر ئاسان (لاپەڕەی 10) بە پارێزەرەکەی وتووە کە گوێی لە کەسێک بووە بە ناوی جەنگیزەوە براوەتە خانەیەکی نهێنی و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە.

### 9. موستەفا ئۆزبەن


*Mustafa Özben*

موستەفا ئۆزبەن، پارێزەر و ئەکادیمی لە زانکۆی تورگول ئۆزالی سەر بە گولەن وانەی وتووەتەوە کە لە کاتی باری نائاساییدا داخراوە، لە 9ی ئایاری 2018 لە ئەنقەرە ونبووە. پاش گەیاندنی کچەکەی بۆ قوتابخانە دیارنەماوە. ئەندامانی خێزانەکەی شوێنی ئۆتۆمبێلە بەجێهێڵدراوەکەیان دۆزیوەتەوە. لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ونبوون لە بنکەی پۆلیس، ئامینە ئۆزبەنی هاوسەری داوایەکی دەست بەسەرکردنی جێبەجێنەکراوی مێردەکەی دۆزیوەتەوە. پاش دوو ڕۆژ پەیوەندییەکی تەلەفونیی کورتی لە موستەفا ئۆزبەنەوە پێگەشتووە کە وتی دەنگی ماندوو، نیگەران و ترساو دیار بووە. پاش ئەوەی نەیتوانی پۆلیس قایل بکات کە لەوانەیە مێردەکەی ڕفێندرابێت، ئامینە ئۆزبەن خۆی لێکۆڵینەوەی دەستپێکردووە و شایەتحاڵی لە ناوچەکە دۆزیوەتەوە کە پیاوێکیان بینیوە لەلایەن سێ پیاوەی ترەوە پاڵنراوەتە ناو ڤانێکەوە، یەکێکیان ماسکێکی ڕەشی

لەسەردابووە. وتەی شایەتحاڵەکان بە تەواوی لە تۆماری پۆلیسدا تۆمارنەکرابوون و لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێنەکرد. ئۆزبەن تا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە دۆسییەی نییە.

**10. فاتیح کلچ**


*Fatih Kılıç*

فاتیح کلچ، مامۆستایەکی پێشوو کە لەلایەن باری نائاساییەوە لەسەر هەبوونی پەیوەندیی بە گولەنەوە لە کارەکەی لابرابوو، لە 14ی ئایاری 2017 لە ئەنقەرە ونبووە. هاوسەرەکەی نیهال کلچ بە ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤی ڕاگەیاند کە کۆتاجار فاتیح کلچ پاش گەیاندنی خۆی و منداڵەکانی بۆ تێرمیناڵی پاسی ئەنقەرە دیارنەماوە. هەروەها ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند گرتەی کامێرای چاودێری کە دەریدەخات لە ڕێگەی میترۆوە وێستگەی پاسەکە جێدەهێڵێت و لە وێستگەی دیکیمێڤیەوە دێتە دەرەوە پاش بینینی ئیتر نەبینراوەتەوە. باس لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی لە بابەتەکە نەکراوە.

**11. جەمیل کۆچاک**


*Cemil Koçak*

جەمیل کۆچاک، فەرمانبەرێکی سێکتەری گشتییە کە بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە کارەکەی دەرکراوە، لە 15ی حوزەیرانی 2017 لە ئەنقەرە ونبووە، وتراوە کە ئۆتۆمبێلەکەی کۆچاک لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی دیکەوە لێیدراوە و پاش ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکەی هاتووەتە دەرەوە براوەتە ڤانێکی ڕەشەوە. ڕووداوەکە بە بەرچاوی کوڕە 8 ساڵانەکەی کۆچاک و هەروەها چەند شایەتحاڵێکەوە ڕوویداوە کە وتویانە کۆچاکیان بینیوە بە ڤانێکی جام ڕەش

براوه و وتەکانیشیان لەلایەن تۆماری کامێرای چاودێرییەوە پشتڕاست کراوەتەوە. ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ زانیارییان دەستکەوتووە کە کۆچاک لە شوێنێکی لێکۆڵینەوەی نهێنی کە زیاد لە سێ مانگ لێی گیرابوو لەلایەن چەند کەسێکەوە بەردراوە کە وتویانە کار بۆ حکومەت دەکەن.



Murat Okumuş

**12. موراد ئۆکونموش**

موراد ئۆکونموش، لە نەخۆشخانەی شیفای سەر بە گولەن کاری ژمێریاریی کردووە کە لە کاتی باری نائاساییدا داخرا، لە 16ی حوزەیرانی 2017 لە ئیزمیر دیارنەماوە. خێزانەکەی بە ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤیان ڕاگەیاندووە چەند چەکدارێک کە خۆیان بە هێزی پۆلیس ناساندووە ئۆکونموشیان خستووەتە ئۆتۆمبێلێکەوە لە شەقامی ناوەندیی ئیزمیر. کەسێک لەسەر شەقامەکە ڕووداوەکەی بە پۆلیس ڕاگەیاندووە. ئەندامانی خێزانەکەی کە تۆماری کامێرای چاودێرییان دەستکەوتووە و لە ڕێگەی داواکاری گشتییەوە سکاڵایان کردووە بۆیان دەرکەوتووە کە داواکاری گشتی لەسەر کەیسەکە لابراوە و لێکۆڵینەوەکە کراوە بە نهێنی. ئۆکونموش تا نوسینی ئەم ڕاپۆرتە دیار نییە.



**13. خدر چەلیک**

خدر چەلیک، جوتیارێک، ڕاگەیەندراوە کە لە 16ی تشرینی دووەمی 2017 لە دیاربەکر دیارنەماوە. ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە پاش کەوتنە نێو پێکدادانێک لە نێوان هێزە چەکدارییەکان و PKK لە ناوچەی هارزۆی دیاربەکر دیارنەماوە. ڕاپۆرتەکان وتیان جوتیارە کوردەکە لە کاتی ڕووداوەکەدا بۆ کڕینی ئاژەڵ لە ناوچەکە بووە و بریندار بووە. لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی

که لەلایەن ئۆفیسی پارێزگاری دیاربەکرەوە بڵاوکراوەتەوە ڕایگەیاند پیلانگێڕێکی PKK لە شەڕەکەدا بە زیندوویی گیراوە، بەبێ ناوهێنان. ئەندامی ڕێکخراوی ناحکومیی تورکیا هاک ئینیسیاتیفی ڕایگەیاند کە ئۆفیسی پارێزگار لە "پیلانگێڕ" مەبەستیان لە چەلیک بووە. دیارنەمانەکەی هاوشێوەی دیارنەمانی هاوڵاتییانە لە ساڵانی نەوەدەکان لە ناوچە زۆرینە کوردییەکان. تا نوسینی ئەم ڕاپۆرتە، سۆڵیدارێتی و ڕێکخراوەکانی دیکەش زانیارییان لەسەر شوێنی چەلیک نییە.

**14. ئومیت هۆرزوم**

.



Ümit Horzum

ئومیت هۆرزوم، فەرمانبەری پێشوو لە فەرمانگەی چاودێریی و سەرپەرشتیی بانکەکان (BDDK) کە بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە لە خزمەتگوزاریی گشتی دەرکراوە، لە 6ی کانونی یەکەمی 2017 لە ئەنقەرە ونبووە. لە نزیک مۆڵی ئاسیتی لە ئەنقەرە ڕفێندراوە پاش ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لەلایەن ڤانێکی ڕەشەوە ڕێگەی پێگیراوە. هۆرزوم بە زۆر براوەتە ڤانەکەوە و پاش ڕووداوەکە ئۆتۆمبیلەکەی نەدۆزراوەتەوە. ڕۆژی دواتر، هاوسەرەکەی ئەینور هۆروزم لەلایەن کەسیکی نەناسراوەوە ڕووداوەکەی پێ ڕاگەیەندراوە و پێش ئەوەی دەرفەتی هەبێت پرسیاری لێ بکات بەجێی هێشتووە. داواکاری گشتی گوێی بە سکاڵاکانی ئەنیور نەداوە و تەنها پرسیویەتی کە ئایا لای پۆلیس دەستبەسەر کراوە یان نا. هۆروزم پاش 132 ڕۆژ بە دەستبەسەری لای پۆلیس دەرکەوتەوە. کە دەرکەوتەوە، پەراسوی شکابوو و پەردەی گوێشی دڕابوو. هۆروزم لە دانیشتنێکی تازەدا لە دادگا باسی لە دیارنەمانەکەی کرد و وتەکانی پێشووی ڕەتکردەوە کە زیاد لە 100 کەسی تاوانبار کردبوو، و ئەوەی دەرخست لەکاتی دیارنەمانەکەیدا ئەشکەنجە دراوە و بە زۆر بەڵگەنامەی پێ واژۆ کراوە

لەسەر کەسانێک کە نەیناسیون، پێش ئەوەی لە 16ی نیسانی 2018 ڕادەستی پۆلیسی ئاسایی بکرێت.

CMK'nın 45. maddesinde belirtilen yakınlarını ceza kovuşturmasına uğratabilecek nitelikte sorulara cevap vermekten çekinebileceği hatırlatıldı.5271 sayılı CMK'nın 53, 54 ve 55. maddeleri gereğince Usulen yemini yaptırıldı. Sanığın kimliği tanığa açıklandı. İddianame ve ekleri okunarakolay açıklanarak tanıktan olayla ilgili bilgi ve görgüsü soruldu.

**TANIK BEYANINDA:** Ben huzurda bulunan sanığı tanımam, 06/12/2017-16/04/2018 tarihleri arasında arabamla seyir halindeyken Etlik'te bir araç önümü kesti, araçtan inen birkaç kişi beni arabaya bindirip götürdüler, kafama çuval geçirip götürdüler, 16/04/2018 tarihinde bu şahıslar tarafından Ankara Emniyet Müdürlüğündeki personele teslim edildim, daha öncesinde işkence görmüştüm, Emniyette de psikolojik işkence bana yapıldığı için söylemediğim şeyler söylenmişim gibi yazıldı ve teşhis etmediğim halde teşhis tutanağı bana imzalatıldı, ayrıca Emniyete beni getirmeden önce kaçırıldığım kişiler tarafından ne ifade vermem hususunda bana tehdit ile yönlendirme yapıldı, ayrıca şunu söylemek isterim, bu ifade benimle birlikte hazır bir şekilde emniyete teslim edildi, ifadeyi verirken ve teşhis tutanağını imzalarken avukat yanımdaydı, Ankara 25. Ağır Ceza Mahkemesinde halen yargılamam devam etmektedir, tanıklık ücreti talep etmiyorum, dedi.

Tanığın daha önce vermiş olduğu ifade tutanağı okundu. Doğrudur bana aittir dedi.

Benzer mahiyette olduğu görüldü.

**Sanıktan tanık beyanına karşı diyecekleri soruldu:** Tanık anlatımına bir diyeceğim yoktur, dedi.

**Sanık müdafiden tanık beyanına karşı diyecekleri soruldu:** Size zorla imzaladığınızı iddia ettiğiniz tutanakta kaç kişinin ismi söyletildi, ya da teşhis ettirildi, şeklindeki sorusuna cevaben;

**Sanık müdafiinin talebi üzerine tanıktan soruldu:** Sayısını tam olarak bilmiyorum ama 100 kişi olabilir, dedi.

*Part of the courtroom statement in early 2020 where Ümit Horzum revealed that he was abducted by state agents*

### 15. ئۆرچون شەنیوجەل



*Orçun Şenyücel*

ئۆرچون شەنیوجەل، کارمەندی پێشووتری سیکتەری گشتی کە پێش ئەوەی بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە دەربکرێت وەک پسپۆڕ لە دەسەڵاتی ڕکابەری دامەزرابوو، لە 20ی نیسانی 2018 لە ئەنقەرە دیارنەماوە. لە ئێوارەی 20ی نیسان ماڵەکەی بەجێهێشتووە بۆ کڕینی شیر بۆ منداڵەکانی و نەگەڕاوەتەوە. پاش کەمێک مۆبایلەکەی بەردەست نەبووە. ئەندامانی خێزانەکەی تۆماری کامێرای چاودێرییان دەستکەوتووە کە شەنیوجەل لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بە ڤانێک و ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتاوە ڕفێندراوە. ئەندامانی خێزانەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گلەییان لە نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل کردووە سەرەڕای هەبوونی تۆماری کامێرای چاودێری کە بە ڕوونی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان دەردەخات کە لە ڕفاندنەکەدا بەشدابوون. هاک ئینیسیاتیفی بانگەشەی پشتڕاستنەکراوەی ئەوەی کرد کە پاش سێ مانگ لە دیارنەمانی بەرداوە و لەکاتی دیارنەمانیشیدا ئەشکەنجەدراوە.

لەکاتیکدا ناوەکەی وەک شایەتحاڵ لە دادگاییکردنی مەسعود گەچەردا دەرکەوت، تا نوسینی ئەم ڕاپۆرتە سۆڵیدارێتی و ڕێکخراوەکانی دیکەش زانیارییان لەسەر شوێنی شەنیوجەل نییە.


Hasan Kala

### 16. حەسەن کالا

حەسەن کالا، ئاکادیمی کە بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە لە زانکۆی چانکر کاراتەکینی حکومی دەرکرابوو، ڕاگەیەندراوە لە 20ی تەمووزی 2018 لە ئەنقەرە ونبووە. دەوترێت  لە دەوروبەری نیوەشەو ونبووە و بە زۆر کراوەتە ڤانێکی ڕەشەوە. سکاڵای ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگوێ خراوە. تا نوسینی ئەم ڕاپۆرتە، کالا دۆسییەی بۆ نەکراوەتەوە.


Fahri Mert

### 17. فەرهاد مەرت

فەرهاد مەرت دەوترێت لە 12ی ئابی 2018 لە ئیزمیر ونبووە، ڕاپۆرتەکان دەڵێن لەلایەن چەند کەسێکەوە ڕفێندراوە کە هاتونەتە ماڵەکەی و خۆیان بە ئەفسەری پۆلیس ناساندووە و وتویانە بە بڕیاری دەستبەسەرکردن دەیبەن بۆ بنکەی پۆلیس. ئەندامانی خێزانەکەی نەیانتوانیوە زانیاری لەسەر شوێنی مەرت لە دەسەڵات وەربگرن. تا ئەم نوسینە مەرت نادیارە.


*Ahmet Ertürk*

**18. ئەحمەد ئەرتورک**

ئەحمەد ئەرتورک، وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی تایبەت کاری دەکرد کە بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە داخرا، لە 16ی تشرینی دوومی 2018 لە ئەنقەرە ونبووە. هاوسەرەکەی ئەرتورک لە تویتەر ڕایگەیاند کە هاوسەرەکەی لەو کاتەدا ونبووە کە پۆلیس هاتونەتە سەر ماڵی باوکی لە ئەنقەرە. لە 8ی کانوونی دوومی 2019، هاوسەرەکەی لە تویتێکدا ڕایگەیاند کە ئەرتورک لای پۆلیس دۆزراوەتەوە کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەستبەسەر بووە. لەماوەی ئەو 53 ڕۆژەدا کە دیارنەبووە هیچ وتەیەکی دیکە لەلایەن ئەرتورک و پارێزەرەکەی یان خێزانەکەی نەدراوە.


*Gökhan Türkmen*

**19. گۆکهان تورکمەن**

گۆکهان تورکمەن، فەرمانبەری سێکتەری گشتی کە بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە کارەکەی دەرکراوە، لە 7ی شوباتی 2019 لە ئەنتاڵیا ونبووە، تورکمەن، کە پێشتر بۆ ماوەی 2 ساڵ و نیو فەرمانی دەستبەسەرکردنی بۆ دەرچووبوو، پێش 10 ڕۆژ لە دیارنەمانی بە ئەندامانی خێزانەکەی وتووە ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەک دەنگی نەبوو سکاڵا تۆماربکەن. لەکاتی سەردانیکردنی پۆلیسی ئەنتاڵیا دوای ئەوەی کە هەواڵیان لێی نەبوو، پۆلیس بە خێزانەکەیان ڕاگەیاندبوو ئۆتۆمبێلەکەی لە شاری ئەنقەرەی پایتەخت بینراوە، و کرێدیت کاردەکەی پارەی خەرج کردووە، و دوو هێڵی مۆبایل بەناویەوە کراونەتەوە. بەهەرحاڵ، ئەندامانی خێزانەکەی وتیان کە ئۆتۆمبێلەکەی تورکمەن بۆ ماوەی دوو ساڵە لە گەڕاجەکەیان لە ئەنتاڵیا ڕایگراوە و ناکرێت لە ئەنقەرە بینرابێت. و هەروەها وتیان کرێدت کاردەکەی تورکمەن لە ماڵەوە بەجێماوە. سکاڵا تۆمارکردن لە دژی ئەو کەسانەی کە بە ناوی ئەوەوە هێڵی مۆبایلیان ڕاکێشاوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەندامانی خێزانەکەی وتیان هێڵی مۆبایلەکان و زانیارییە هەڵەکان لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی

تورکمەن لەوانەیە پلانێک بێت بۆ تاوانبارکردنی. پاش نۆ مانگ لە دیارنەمانی. تورکمەن لە 6ی تشرینی دووەمی 2019 لای پۆلیس بە دەستبەسەرکراوی دەرکەوتەوە. زەهرا تورکمەنی هاوسەری لەلایەن پۆلیسی ئەنتاڵیاوە لە دەستبەسەرکردنی ئاگادارکرابووەوە. پاشان گۆکهان تورکمەن برا بۆ ئەنقەرە کە لەوێ گیرا و نێردرا بۆ بەندیخانەی دینکان. پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوسەرەکەی، زەهرا تورکمەن تێبینیی دابەزینی زۆری کێش و پێستی زەردی کرد. هەروەها گۆکهان تورکمەن زۆری لە هاوسەرەکەی کرد تا چیتر تویتەر بەکارنەهێنێت بۆ پرسیارکردن و ئاگادارکردنەوی خەڵک لە دیارنەمانەکەی. لە یەکەم دادگاییکردنیدا لە دادگای باڵای تاوانی ئەنقەرە لە 7ی شوباتی 2017 لەسەر پەیوەندی بە گولەنەوە، تورکمەن پارێزەرەکەی ئایشەگول گونەیی لە کارەکەی لابرد، کە وتی لەلایەن MİT ەوە ڕێکخراوە، داوای لێ کرد کە هۆڵی دادگا جێبهێڵێت. پاشان تورکمەن ئەوەی ئاشکراکرد لەلایەن سێ کەسی نەناسراوەوە لە ئەنتاڵیا ڕفێندراوە کە خۆیان بە ئەفسەری پۆلیس ناساندووە، پاشان بە چاوبەستراوی براوەتە شوێنێکی نەزانراو کە بۆ ماوەی 271 ڕۆژ لەژێر ئەشکەنجەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە. وتی لە گوێگرتنی دادگای داهاتوودا بە وردەکارییەوە زانیاری لەبارەی ئەشکەنجەکەیەوە دەدات. تورکمەن وتی، لە کۆتایی لێکۆڵینەوە دڕندانەکەدا، زۆری لێکراوە کە دانپێدانانێکی 50 لاپەڕەیی واژۆ بکات، کە خۆی هاوسەرەکەی، دایکی و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی تاوانبار بکات. پاشان، ڕادەستی پۆلیسی ئەنتاڵیا کرا. هەروەها ئەوەشی دەرخست کە کاتێک لە بەندینخانەی سینکان بووە لەلایەن MİTەوە نامەی هەڕەشەی پێگەشتووە، و کارمەندی سیخوڕی لەپشت شیشی زیندانەوە سەردانیان کردووە و داوایان لێکردووە بە ئەندامانی خێزانەکەی بڵێت ئەو داواکارییانە بکێشنەوە کە ئاراستەی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ و دادگای ئەوروپایان کردووە لە کاتێکدا کە ونبووە. تورکمەن وتی کاتێک وتەی سەرەکیی دادگای پێشکەش دەکات کە پارێزەری خۆی بگرێت. دادگای ئەنقەرە بڕیاریدا کە سکاڵای تاوان لە داواکاری گشتیی ئۆفیس بکات لەسەر وتەکانی تورکمەن.



Yasin Ugan

### 20.21. یاسین ئوگان و ئۆزگور کایا

یاسین ئۆگان، ڕاوێژکاری دارایی، و ئۆزگور کایا، مامۆستا، کە پێشتر لەسەر گومانی پەیوەندی بە گولەنەوە لە کارەکەی لە دامەزراوەیەکی تایبەت دوورخراوەتەوە، لە 13ی شوباتی 2013 لە ئەنقەرە ونبوون. ئەندامانی خێزانەکانیان کە ونبوونیان ئاشکراکرد وتیان بە ڕۆژی ڕووناک و بە بەرچاو تەماشاکەرەوە لە گەڕەکەکە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کە خۆیان بە ئەفسەری پۆلیس ناساندووە بە زۆر خراونەتە ئۆتۆمبێلێکەوە. شایەتحاڵەکان دەڵێن کە چەکدارەکان لە



Özgür Kaya

ڤانێکی سپیدا براون. ئەندامانی خێزانەکانیان کە ڕووداوەکەیان بە پۆلیس گەیاندووە پێیان وتراوە هیچ زانیارییەک لەبارەی شوێنەکانیانەوە نییە. هەروەها ڕاپۆرتەکان وتیان خاوەنی ئەو خانووەی کە پیاوەکان لێی دەژیان بە گومانی هەبوونی پەیوەندی بە گولەنەوە فەرمانی گرتنی لەسەرە، و دوای دوو کاتژمێر لە بردنی پیاوەکان لەلایەن پۆلیسەوە پرسیاری لێکراوە. خاوەن ماڵەکە لەکاتی پرسیارکردندا وێنەی ئوگان و کایای پیشاندراوە و وایان نیشانداوە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمییە. داوای ئەندامانی خێزانەکان بۆ پۆلیسی ئەنقەرە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. لە 28ی تەمووزی 2019 دوو پیاوەکە لای پۆلیس بە دەستبەسەرکراوی دەرکەوتنەوە، لەگەڵ ئێرکان ئیرماک و سەلیم سەیبەک کە لە شوباتی 2019 دیارنەمابوون. دەرکەوتنەوەیان ڕۆژی دواتر لە ئەکاونتێکی تویتەر ڕاگەیەندرا کە ئەندامانی خێزانەکەیان لە کامپینێکدا دوای دیارنەمانیان دروستیان کردبوو. خێزانەکان وتیان پیاوەکان ڕەنگیان زۆر زەرد بوو، کێشێکی زۆریان لەدەستدابوو و ئامادە نەبوون

وەڵامی هیچ پرسیارێک بدەنەوە لەبارەی ئەوەی لەماوەی ئەو چەند مانگەی دیارنەمابوون چییان بەسەرهاتووە. هەروەها بە ئامادەبوونی پۆلیس کە وەستابوون بە خێزانەکانیان وتووە، نایانەوێت پارێزەر ببینن و دەیانەوێت هاوسەرەکانیان کامپەینەکان بووەستێنن و تەنانەت داواکانیان لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بکشێننەوە لەسەر کەیسەکانیان. پاش 12 ڕۆژ لە دەستبەسەری، لەبەردەم دادگای تاوانی ئەنقەرەدا دەرکەوتن کە فەرمانی دەرکرد لەسەر پەیوەندییان بە گولەنەوە دەستگیر بکرێن.

**22. ئێرکان ئیرماک**



*Erkan Irmak*

ئێرکان ئیرماک، مامۆستا، لە 16ی شوباتی 2019 لە ئیستانبوڵ دیارنەماوە. 2 ساڵ و نیوە بە گومانی پەیوەندی بە گولەنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، لەکاتی گەڕانەوەی لە سەردانیی خزمەکانی کە بە کەمی سەردانی دەکرد لەلایەن دوو پیاوەوە ڕفێندراوە. ڕفاندنەکەی ئیرماک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە نیلوفەر ئیرماک بینراوە کە لە پەنجەرەکەوە تەماشای کردووە ماڵی بەجێهێشتووە. کاتێک داوای تۆماری کامێرای چاودێریی لە کاربەدەستان کرد، پێی وترابوو کامێراکانی چاودێری لەو کاتەدا لەژێر چاککردنەوەدا بوون. پارێزەرێک کە لەگەڵ داواکاری بەرپرسی کەیسەکەی ئیرماک دواوە لەسەر پەیوەندیی بە گولەنەوە بە ڕایگەیاندووە کە داواکارەکە پێی وتووە کەیسەکەی ئیرماک قورسە. ئیرماک لە 28ی تەمووزی 2019 لای پۆلیس بە دەستبەسەری دەرکەوتەوە، لەگەڵ سێ پیاوی دیکە کە لە شوباتی 2019 دیارنەمابوون: یاسین ئوگان، ئۆزگور کایا و سەلیم زەبیەک. دەرکەوتنەوەیان لە حسابی تویتەرەکانیانەوە ڕاگەیەندرا کە ئەندامانی خێزانەکەیان پاش ونبوونیان دروستیان کردبوون. خێزانەکان وتیان پیاوەکان ڕەنگیان زۆر زەرد بوو، کێشێکی زۆریان لەدەستدابوو، و ئامادە نەبوون کە وەڵامی هەر

پرسیارێک بدەنەوە لەبارەی ئەوەی کە لەماوەی ئەو چەند مانگەی دیارنەبوون چییان بەسەر هاتووە. هەروەها بە ئامادەبوونی پۆلیس کە وەستابوون بە خێزانەکانیان وتووە، نایانەوێت پارێزەر ببینن و دەیانەوێت هاوسەرەکانیان کامپەینەکان بووەستێنن و تەنانەت داواکانیان لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بکشێننەوە لەسەر کەیسەکانیان. پاش 12 ڕۆژ دەستبەسەری، لەبەردەم دادگای تاوانی ئەنقەرەدا دەرکەوتن کە فەرمانی دەرکرد لەسەر پەیوەندییان بە گولەنەوە دەستگیر بکرێن.



Mustafa Yılmaz

23. موستەفا یڵماز

موستەفا یڵماز، چارەسەرکەری سروشتی کە پێشتر بەهۆی پەیوەندیی بە گولەنەوە لە خزمەتی گشتی لابرابوو، لە 19ی شوباتی 2019 لە ئەنقەرە دیارنەماوە. یڵماز پاش ئەوەی بەیانی زوو ماڵەکەی بەجێهێشت بۆ کارە تازەکەی لە نەخۆشخانەیەک ونبوو. هاوسەرەکەی، سومەییە یڵماز لەلایەن کەسێکەوە لە شوێنی کارەکەوە لە نزیک کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ پەیوەندیی پێوەکرا و ئاگادارکرایەوە کە هاوسەرەکەی نەهاتووە، پرسیویەتی ئەگەر کێشەیەک هەبێت. سومەییە یڵماز هەروەها تۆماری کامێرای چاودێریی دەستکەوت لە ڕێگای کارەکەدا، کە ئەگەری هەیە ڕفاندنەکە لەلایەن ڤانێکی ڕەشەوە ئەنجامدرابێت، سەرەڕای بچڕانی ئاماژەی مۆبایل و تۆماری کامێرای چاودێریی گوماناوی، داواکاران بڕیاریاندا کە سکاڵاکە ڕەتبکەنەوە، بەهۆی نەبوونی بەڵگە بۆ بەردەوام بوون. هەروەها سومەییە یڵماز وتی کاربەدەستان چەند جارێک هەوڵیانداوە قایلی بکەن کە هاوسەرەکەی جێی هێشتووە، تا وای لێبکەن کە کەیسەکە هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها وتیشی هاوسەرەکەی ماڵەوەی بە 150 لیرە ($22)ەوە جێهێشتووە. وردەکارییەکی دیکەی نائاسایی لەبارەی موستەفا یڵمازەوە ئەوەیە کە پێشتر دەستبەسەر کراوە و لەسەر پەیوەندیی بە گولەنەوە بۆ ماوەی 100 ڕۆژ زیندانی کراوە،

لە کانونی دووەمی 2019 بۆ شەش ساڵ حکوم دراوە، سێ مانگ لەسەر "ئەندامی لە ڕێکخراوی تیرۆریستیدا" و لە کۆتاییدا بە کاتی ئازادکرا. لە 21ی تشرینی یەکەمی 2019 سومەییە یڵماز پەیوەندییەکی لە پۆلیسەوە پێگەشت کە پێیان وت هاوسەرەکەی خۆی ڕادەست کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە بە کاتی ئازاد بووە. وتیشی کە موستەفا یڵماز کێشی لەدەستداوە و کەم خوێن دیاربووە. پێی وت کە خۆی حەشارداوە، بەبێ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی دیکە بدات. سومەییە یڵماز هەروەها پێی وتراوە مێردەکەی پارێزەری ناوێت.

**24. سەلییم زەیبەک**



*Salim Zeybek*

سەلییم زەیبەک، فەرمانبەری پێشووی کەرتی گشتییە کە لە باری نائاساییدا لەسەر پەیوەندیی بە گولەن لە پۆستیەکەی لە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیی تورکیا لابرا، لە 21ی شوباتی 2019 لە ئیدرنە ونبووە. زەیبەک لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لە تەمەنەکانی 6 ساڵی و 8 ساڵیدا بەرەو سنوری ڕۆژئاوا گەشتی دەکرد کاتێک گومانیان لەوە کرد کە ئۆتۆمبێلێک بۆ ماوەیەکی زۆرە شوێنیان کەوتووە. لە هەوڵیدا بۆ ونکردنی ئۆتۆمبێلەکە سەلییم زەیبەک کۆنترۆڵی لەدەستداوە، خۆی بە چەند ئۆتۆمبێلێکدا کێشاوە و لە کۆتاییدا وەستاوە. چەند چەکدارێک کە لە ئۆتۆمبێلەکە هاتو ونەتە دەرەوە خۆیان بە دەوڵەت ناساندووە، خێزانەکەیان بە دیل گرتووە، و سەلییم زەیبەکیان لە خێزانەکەی جیاکردووەتەوە، پاشان سێ پیاو هاوسەرەکەی، بەتول زەیبەک و منداڵەکانیان لە نزیک ماڵەکەیان لە ئەنقەرە داناوە. لە ڕێگادا، زۆریان لی کردووە کە پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار نەکاتەوە. سەرەڕای ئەوە، پاش چەند ڕۆژێک لای داواکار سکاڵای تۆمارکردووە. لە 28ی تەمووزی 2019 سەلییم زەیبەک لەگەڵ سێ پیاوی دیکە کە لە شوباتی 2019

دیارنەمابوون: یاسین ئوگان، ئۆزگور کایا و ئێرکان ئیرماک بە دەستبەسەری لای پۆلیس دەرکەوتەوە. دەرکەوتنەوەیان لە حسابی تویتەرەکانیانەوە ڕاگەیەندرا کە ئەندامانی خێزانەکەیان پاش ونبوونیان دروستیان کردبوون تاکو بە ئاشکرا کامپین لەسەر ونبوونیان بکەن. خێزانەکان وتیان هاوسەرەکانیان کەم خوێن دیاربوون، کێشێکی زۆریان لەدەستدابوو، و ئامادە نەبوون کە وەڵامی هەر پرسیارێک بدەنەوە لەبارەی ئەوەی لەماوەی ئەو چەند مانگەی دیارنەبوون چییان بەسەر هاتووە. هەروەها بە ئامادەبوونی پۆلیس کە وەستابوون بە خێزانەکانیان وتووە نایانەوێت پارێزەر ببینن و دەیانەوێت هاوسەرەکانیان کامپەینەکان بووەستێنن و تەنانەت داواکانیان لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بکشێننەوە لەسەر کەیسەکانیان. پاش 12 ڕۆژ لە دەستبەسەری، لەبەردەم دادگای تاوانی ئەنقەرەدا دەرکەوتن کە فەرمانی دەرکرد لەسەر پەیوەندییان بە گولەنەوە دەستگیر بکرێن.

### 25. یوسوف بیلجە تونچ



*Yusuf Bilge Tunç*

یوسوف بیلجە تونچ، فەرمانبەری پێشووی کەرتی گشتی کە لەلایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە لە باری نائاساییدا بەهۆی پەیوەندی بە گولەنەوە لە پۆستەکەی لابرابوو، لە 6ی ئابی 2019 لە ئەنقەرە ڕاگەیەندرا ونبووە. تونچ، کە بەهۆی فەرمانی گرتنەوە لەسەر پەیوەندی بە بزاڤەکەی گولەنەوە ماڵی باوکی جێهێشتبوو، دەوترێت بەبێ هیچ شوێنپێیەک دیارنەماوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئۆتۆمبێلەکەی لە مۆڵی GİMAT لە ئەنقەرە دۆزراوەتەوە. سکاڵاکانی هاوسەرەکەی، نورای تونچ لەلایەن پۆلیسەوە پشتگوێ خرا. سەرەڕای هەموو داواکان، داواکاران ڕەتیانکردەوە تەماشای بەڵگەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە بکەن. لە کاتێکدا نەویستنی کاربەدەستان بۆ لێکۆڵینەوە ئەندامانی خێزانەکەی دڵنیاکردووەتەوە کە تونچ لە ژێردەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکەیە.

دیارنەمانەکەی کە خەریکە دەگاتە 10 مانگ وای لێکردوون بکەونە خەمی ژیانییەوە. تا ئەم نووسینە، یوسوف بیلجە تونچ دۆسییەی نییە.

ت. پرسیارە پەرلەمانییەکان

لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی کە لەلایەن خێزانەکانەوە ئاڕاستەی پۆلیس و داواکاران کراوەتەوە، دیارنەمانە زۆرەملێکان بە بەردەوامی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە لە پەرلەماندا باسکراون کە خشتەیەکی پرسیارییان نوسیوە تا لەلایەن ئەندامانی کابینەوە وەڵام بدرێنەوە. تا کاتی ئەم نوسینە هەموو پرسیارەکان بێ وەڵام ماونەتەوە، کە خۆدورخستنەوەیەکی پلان بۆداڕێژراو دەردەخات لەلایەن بەرپرسیارانی حکومەتەوە کە تەنانەت دان بە هەبوونی گومانەکانیشدا نانێن.

**1. پرسیارە پەرلەمانییە ئاڕاستەکراوەکانی 27ەمین وەرزی یاسادانان**

لە ئاداری 2019، نوێنەری کۆجالی عومەر فاروق گەرگەرلیۆغڵو پەرلەمانتاری هەدەپە پرسیارێکی پەرلەمانی ئاڕاستەی فوات ئۆکتای جێگری سەرۆک کۆمار کرد دەربارەی دیارنەمانی موستەفا یڵماز. تا ئەم نوسینە، ئۆفیسی ئۆکتای وەڵامی نەداوەتەوە.

لە ئاداری 2019، نوێنەری کۆجالی عومەر فاروق گەرگەرلیۆغڵو پرسیارێکی پەرلەمانیی ئاڕاستەی فوات ئۆکتای جێگری سەرۆک کۆمار دەربارەی دیارنەمانی سەلیم زەیبەک. تا ئەم نوسینە، ئۆفیسی ئۆکتای وەڵامی نەداوەتەوە.

لە ئاداری 2019، نوێنەری کۆجالی عومەر فاروق گەرگەرلیۆغڵو پرسیارێکی پەرلەمانیی ئاڕاستەی فوات ئۆکتای جێگری سەرۆک کۆمار دەربارەی دیارنەمانی گۆکهان تورکمەن. تا ئەم نوسینە، ئۆفیسی ئۆکتای وەڵامی نەداوەتەوە.

لە ئاداری 2019، نوێنەری کۆجالی عومەر فاروق گەرگەرلیۆغڵو پرسیارێکی پەرلەمانیی ئاڕاستەی فوات ئۆکتای جێگری سەرۆک کۆمار دەربارەی دیارنەمانی ئێرکان ئیرماک. تا ئەم نوسینە، ئۆفیسی ئۆکتای وەڵامی نەداوەتەوە.

له ئاداری 2019، نوێنەری کۆجالی عومەر فاروق گەرگەرلیۆغڵو پرسیارێکی پەرلەمانیی ئاراستەی فوات ئۆکتای جێگری سەرۆک کۆمار دەربارەی دیارنەمانی یاسین ئوگان و ئۆزگور کایا. تا ئەم نوسینە، ئۆفیسی ئۆکتای وەڵامی نەداوەتەوە.

**2. پرسیارە پەرلەمانییە ئاراستەکراوەکانی وەرزی یاسادانانی پێشوو**

له کانوونی یەکەمی 2017، نوێنەری ئیستانبوڵ سەزگین تانارکولو پرسیارێکی پەرلەمانی ئاراستەی بینالی یڵدرم سەرۆک وەزیرانی ئەو کات کرد دەربارەی دیارنەمانی ئومیت هۆرزوم، ئۆفیسی یڵدرم وەڵامی نەدایەوە.

له ئایاری 2017، نوێنەری ئیستانبوڵ فیلیز کەرەستەجیۆغلو پرسیارێکی پەرلەمانی ئاراستەی بینالی یڵدرم سەرۆک وەزیرانی ئەو کات کرد دەربارەی دیارنەمانی سونای ئیڵماس، ئەیهان ئۆران و موستەفا ئوزگور گولەتکین، حوسەین کوتوجە، تورگوت چاپا، مەسعود گەچەر، ئۆندەر ئاسان، جەنگیز ئوستا، موستەفا ئوزبەن و فاتیح کلچ، ئۆفیسی یڵدرم وەڵامی نەدایەوە.

له ئایاری 2017، نوێنەری ئیستانبوڵ شەنال سارهان پرسیارێکی پەرلەمانی ئاراستەی بینالی یڵدرم سەرۆک وەزیرانی ئەو کات کرد دەربارەی دیارنەمانی سونای ئیڵماس، ئەیهان ئۆران و موستەفا ئوزگور گولەتکین، حوسەین کوتوجە، تورگوت چاپان، مەسعود گەچەر، ئۆندەر ئاسان، جەنگیز ئوستا، موستەفا ئوزبەن و فاتیح کلچ، ئۆفیسی یڵدرم وەڵامی نەدایەوە.

له نیسانی 2017، نوێنەری ئیستانبوڵ سەزگین تانارکولو پرسیارێکی پەرلەمانی ئاراستەی بینالی یڵدرم سەرۆک وەزیرانی ئەو کات کرد دەربارەی دیارنەمانی سونای ئیلماس، موستەفا ئوزگور گولەتکین، حوسەین کوتوجە، تارگوت چاپان، مەسعود گەچەر، ئوندەر ئاسان و ئەیهان ئۆران، تانارکولو لە تەمموزی 2017 پرسیارەکەی دووبارەکردەوە. ئۆفیسی یڵدرم هەردوو جارەکە وەڵامی نەدایەوە.

**ج. دەستبەسەرکردنی نایاسایی ئەو کەسانەی لە دەرەوە گەڕێندراونەتەوە**

هەڵمەتی دژی بزاڤی خزمەت پاش کودەتاکە تەنها بە هاوسۆزانی ناو وڵاتەکەوە نەوەستایەوە. بەڵکو ڕفاندنی ئەو کەسانەی دەرەوەی وڵاتی لەخۆگرت کە گومانی هاوسۆزی گولەنیان لێدەکرێت، بە زۆری لەو وڵاتانەی کە تورکیا هەژموونێکی سیاسی و ئابوریی دیاری تیدا هەیە، ڕفاندنەکان لە ڕێگای چەند هۆکارێکی بەرفراوانەوە لە ڕادەستکردنەوەی فەرمییەوە بۆ کردەی نایاسایی کە لە ڕێگەی کارمەندانی سیخورییەوە جێبەجێ کراون. لە تەمووزی 2018، مەولود چاوشۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا تا ئەو کاتە گەڕاندنەوەی زیاد لە 100 "گولەنی"ی ڕاگەیاند.

ئەم کردارە لە دەرەوە سنوری ئەم ڕاپۆرتەیە کە تیشک دەخاتە سەر دیارنەمانەکانی ناو تورکیا. بەهەرحاڵ، ئەو کەسانەی کە گەڕێندرانەوە هەموویان بە پرۆسەی دەستبەسەرکردن و دەستگیرکردنی فەرمیدا نەڕۆشتن. دوو کەیس شایەنی باسن کە کەسەکان ئاشکرایان کردووە پاش گەڕانەوەیان بۆ تورکیا بە شێوەیەکی نافەرمی دەستبەسەرکراون.

### 1. ئەیتەن ئوزتورک



*Ayten Öztürk*

ئەیتەن ئوزتورک، کە دەسەڵاتدارانی تورکیا گومانی هەبوونی پەیوەندیی لێ دەکەن بە بەرەی پارتی ئازادیخوازی کەسانی شورشگێڕەوە (DHKP-C)، لە فرۆکەخانەیەک لە لوبنان دەستبەسەرکرا و دواتر لە ئاداری 2018 ڕادەستی دەسەڵاتی تورکیا کرا. زیاد لە ساڵێکی خایاند تاکو بەتۆمەتی تیرۆریزم لە بەرامبەر دادوەر ئامادەبوو. لە دادگاییکردنەکەدا ئوزتورک وتی کە تۆمارە فەرمییەکان بەرواری دەستبەسەرکردنەکەی بۆ 28ی ئابی 2018 دەگەڕێننەوە، لە کاتێکدا ئەو لە 13ی ئاداری 2018 لە کاتی

گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکە براوە بۆ شوێنێکی دەستبەسەرکردنی نهێنی. وردەکاریی ئەشکەنجەدانی زۆری نیشاندا کە لە ماوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا لەوێ ڕووبەڕووی بووەتەوە. ئۆزتورک تاکە ئافرەتە کە لە باری نائاساییدا ڕفێندرابێت. هەروەها لە وتەی دادگاییەکەیدا ڕایگەیاند کە گوێی لە دەنگی خەڵکی دیکە بووە کە لە ناوەندەکە ئەشکەنجە دراون. ئۆزتورک وتی بۆ ماوەی چەند مانگێک چارەسەری بۆ زیانە جەستەییەکانی وەرگرتووە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە دڕاندانەییەکەدا دووچاوری بووەتەوە.

### 2. زابیت کیشی



*Zabit Kişi*

زابیت کیشی هاوڵاتییەکی تورکە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ئەیلولی 2017 لە کازاخستانەوە هێناویانەتەوە تورکیا. بەهەرحاڵ، تا شوباتی 2018ی خایاند تاکو لەسەر گومانی پەیوەندیی بە گولەنەوە بە فەرمی دەستگیربکرێت. لەو کاتەدا، بە شێوەیەکی نافەرمی دەستبەسەرکرابوو و خێزانەکەشی نەیانتوانی هیچ زانیارییەکیان لەسەر شوێنەکەی دەستبکەوێت. خێزانەکەی کیشی وەڵامێکیان ئاشکراکرد کە بەهۆی بەدواداچوونەکانیانەوە لە دەسەڵاتدارانی کازاخستانەوە پێیان گەشتبوو، تیایدا پشتڕاستیان کردەوە کە لە ڕاستیدا بە یاوەریی ئەفسەرانی دەزگای (MİT) کیشی لە 30ی ئەیلولی 2017 لە ڕێگەی گەشتێکی هێڵی ئاسمانیی تورکیاوە براوە بۆ تورکیا. لە تەمموزی 2018، زابیت کیشی لە زیندانەوە نامەیەکی بۆ دادگای باڵای تاوانی پێنجەمی کۆجەیلی نوسی، کە وردەکاریی لێکۆڵینەوە دڕندانەکانی باسکرد کە بۆ ماوەی چەند مانگێک بەردەوام بوو پێش دەستگیرکردنە فەرمییەکەی، لە شوێنێک لە نزیکی فڕۆکەخانەی ئەنقەرە. کاتێک نوێنەری کۆجەیلی عومەر فاروق گەرگەریۆغلو باسەکەی لە پەڕلەمان هێنایە پێشەوە، پرسیارە پەڕلەمانییەکەی لەبارەی نامەکەی

شیشییەوە بۆ دادگا لەلایەن وتەبێژ موستەفا شەنتۆپەوە بە بیانوی ئەوەی کە وتەکان دەربارەی لێکۆڵینەوە دڕندانەکە "زۆر بازاڕی و سوکایەتیپێکەر" بوون.

ج. حاڵەتە دووبارەبووەوە دیارەکان

زانیاریی یەکسانمان لەبارەی هەموو کەیسەکانەوە نییە. هەرچەندە کە دەتواندرێت چەند حاڵەتێکی دووبارەبووەوە لە دیارنەمانەکاندا دیاری بکرێت، وەک چۆن لەلایەن چەند چاودێرێکەوە کراوە. بۆ نمونە کۆمەڵەی مافی تورکی (هەک ئینیسیاتیفی) شەش کەیسی شیکردووەتەوە کە لە شوباتی 2019 ڕوویانداوە، ئەم خاڵانەیان دۆزیوەتەوە کە تیایاندا هاوبەشە:

- هەموو کەسە ڕفێندراوەکان بە گومانی ئەندامی لە تۆڕەکەی گولەندا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بوون.
- پێنج لە کەسەکان کەس (گۆکهان تورکمەن، یاسین ئوگان، ئوزگور کایا، ئێرکان ئیرماک، سالیم زەیبەک) لە لێکۆڵینەوەکانەوە بە گومانی پەیوەندی بە گولەنەوە فەرمانی دەستبەسەرکردنیان بۆ دەرچووبوو، لەکاتێکدا یەکێکیان، موستەفا یڵماز، بڕیاری زیندانی بۆ دەرچووبوو و بە کاتی ئازادکرابوو.
- چوار لە کەسەکان (یاسین ئوگان، ئوزگور کایا، موستەفا یڵماز، سالیم زەیبەک) پێشتر دانیشتووی شاری ئەنقەرەی پایتەخت بوون.
- چوار لە کەسەکان (یاسین ئوگان، ئوزگور کایا، موستەفا یڵماز، سالیم زەیبەک) لەسەر ڕێگە بە ئۆتۆمبێلێک ڕفێندرابوون.
- پێنج لە کەسەکان کەس (گۆکهان تورکمەن، یاسین ئوگان، ئوزگور کایا، ئێرکان ئیرماک، سالیم زەیبەک) وەک بەرگریکار لە هەمان لێپێچینەوەی دادگادان (فایلی دادگا ژمارە: 69394/2017). سکاڵای ڕفاندنەکان کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانەوە تۆمارکرابوون بۆ هەمان فایلی دادگا گوزراوەتەوە.
- ئەو کەسانەی کە لە ڕفاندنەکاندا بەشدارییان کردووە زۆرجار خۆیان بە ئەفسەر ناساندووە.
- لە زۆربەی کەیسەکاندا، لە کاتی ڕفاندنەکاندا کیسە کراوەتە سەری قوربانییەکان.
- کاربەدەستان هیچ کارێکی دیاریان نەکردووە لەبارەی سکاڵای تاوانەوە کە لەلایەن خێزانەکانەوە تۆمارکراوە.

لەگەڵ ئەمانەدا، دەزگای سۆڵیدارێتی و هی تریش ئەم تێبینییانەیان دەربارەی ئەو 25 کەیسە هەیە کە لە سەرەوە پێشکەشکراون.

1. **لێکچوونی زانیارییەکان**

لەکاتێکدا کە زانیاریی پێشووی تەواومان لەسەر هەموو قوربانییەکان نییە، بەلایەنی کەمەوە 14 لە 25 قوربانییەکان کارمەندی پێشووی کەرتی گشتی بوون و بەهۆی باری نائاساییەوە لە کارەکانیان لابرابوون. لەنێویاندا، دەوترێت دوو قوربانی پەیوەندییان بە (MİT)ەوە هەبووە، دوو دانە پۆستیان لە بەڕێوبەرایەتیی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی (BTK) هەبووە و دوو دانە لە بەڕێوبەرایەتیی کێبڕکێ دامەزرابوون.

حەوت قوربانی مامۆستا بوون کە بەهۆی باری نائاساییەوە لە قوتابخانەی گشتی دەرکرابوون یان پێشتر لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی سەر بە گولەن کاریان کردووە پێش ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە دابخرێن.

2. **چڕیی جوگرافی**

وەک چۆن لەلایەن چاودێرانی دیکەوە تێبینی کراوە، بەشێکی زۆری کەیسەکان وا دەردەکەوێت لە ئەنقەرە ڕوویانداوە، و ڕاپۆرتەکان دەڵێن 19 لە قوربانییەکان لە پایتەختی تورکیا ون بوون.

3. **کاتەکان**

کاتێک تەماشای بەرواری ونبوونی قوربانییەکان دەکرێت، دەتوانرێت دوو زنجیرە کەیس بناسرێنەوە کە لە نزیک یەک ڕوویانداوە.

<u>زنجیرەی 1:</u> تورگوت چاپان (31ی ئاداری 2017)، ئوندەر ئاسان (1ی نیسانی 2017)، جەنگیز ئوستا (4ی نیسانی 2017)، موستەفا ئوزبەن (9ی ئایاری 2017)، فاتیح کلچ (14ی ئایاری 2017)

<u>زنجیرەی 2:</u> گۆکهان تورکمەن (7ی شوباتی 2019)، یاسین ئوگان و ئوزگور کایا (13ی شوباتی 2019)، ئێرکان ئیرماک (16ی شوباتی 2019)، موستەفا یڵماز (19ی شوباتی 2019)، سەلیم زەیبەک (21ی شوباتی 2019).

**4. بارودۆخی دووبارە دەرکەوتنەوەکان**

لەو 25 کەیسەی لە سەرەوە شیکراونەتەوە، 11 دانە دیار نییە کە دەرکەوتبنەوە. لەوانەی کە دەرکەوتونەتەوە، حوسەین کوتوجە، مەسعود گەچەر، ئوندەر ئاسان، ئومیت هۆرزوم و گۆکهان تورکمەن لەلایەن کارمەندانی حکومەتەوە ڕفێندراون و لە ژێر ئەشکەنجەدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

لەکاتێکدا ئەوانەی دیکە دوودڵ بوون لە باس کردن لەوەی کە ئایا لەکاتی دیارنەمانیاندا لەکوێ بوون، ئەندامانی خێزانەکەیان چەند ئاماژەیان بە چەند نیشانەیەکی خراپبوونی باری جەستەیی و دەروونیان کردووە.

لە شوباتی 2020، یەکێتیی بەربەستی مافی مرۆڤی ئەنقەرە لەسەر چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی خێزانی حەوت لەو کەسانەی کە لە 2019 ونبووبوون ڕاپۆرتێکی دەرکرد، لەبارەی موستەفا یڵماز، سەلیم زەیبەک. ئوزگور کایا، گۆکهان تورکمەن، ئێرکان ئیرماک، یاسین ئوگان و یوسوف بیلگە یونچ. لە حەوت کەسەکە، شەشیان دەرکەوتونەتەوە و تەنها گۆکهان تورکمەن دانی بەوەدا ناوە کە ڕفێندرابێت و بە نایاسایی لێپێچینەوەی لەگەڵدا کرابێت. لەکاتێکدا پێنجەکەی دیکە گومانی خزمەکانیانیان پشتڕاست نەکردووەتەوە لەبارەی ئەگەری ڕفاندنەوە، ڕاپۆرتەکەی یەکێتیی بەربەستی مافی مرۆڤی ئەنقەرە ئاماژەی بەوە کرد کە لەکاتی چاوپێکەوتندا

پاش دەرکەوتنەوەکان خێزانەکان تێبینیی خراپبوونی باری تەندروستیی کەسەکانیان کردووە.

فەتمە بەتول زەیبەک، هاوسەری سەلیم زەیبەک، تێبینیی دابەزینی کێشی زۆر و نەتوانینی ڕاگرتنی هاوسەنگی کردووە لەکاتی دانیشتندا.

ئەیجان کایا، هاوسەری ئوزگور کایا، وتی کە هاوسەرەکەی کێشی لەدەستداوە و زۆری لێکردووە سکاڵاکان بکشێنێتەوە، و ئەکاونتەکانیش دابخات کە بۆ کامپەینکردن دروستی کردووە، و چیتر لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لەبارەی کەیسەکەیەوە نەدوێت.

نیلوفەر ئیرماک، هاوسەری ئێرکان ئیرماک، تێبینیی لەدەستدانی 15 کیلۆی کێشی لەشی کردووە.

میکایل ئوگان، برای یاسین ئوگان، تێبینیی لەدەستانی کێشێکی ئێجگار زۆر و زەردیی پێستی کردووە.

لە 13ی شوباتی 2020، یەکێتیی بەربەستی مافی مرۆڤی ئەنقەرە لەسەر ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانەوە دراوە لەگەڵ ئۆفیسی جێبەجێکاری سەرەکیی ئەنقەرە سکاڵای تاوانی تۆمارکرد.

پاش پێکەوە دەرکەوتنەوەی سەلیم زەیبەک، یاسین ئوگان، ئوزگور کایا و ئێرکان ئیرماک لە 28ی تەمموزی 2019 بە دەستبەسەرکراوی لەلای پۆلیس، ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند کە پۆلیس ڕێگریی ئەندامانی خێزانەکانیان کردووە لە پرسیارکردن لە پیاوەکان دەربارەی زانینی بارودۆخیان.

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ وتی "ئامادەیی ئەفسەرانی پۆلیس لەم چاوپێکەوتنانەدا، شێوازی داخراویی پیاوەکان لە قسەکردن، و نەتوانین یان ترسانی دیار لە پێدانی زانیاری لەسەر پێنج مانگی پێشوو، ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤی نیگەران کردووە کە فشاریان لێکرابێت تاکو زانیارییەکان لەبارەی

مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ئاشکرا نەکەن و شێوازێکی دیکەی دروستکراو لە دەستبەسەرکردنیان باس بکەن.

**5. خۆ تاوانبارکردن**

وتەی شایەتحاڵ ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دادگاییکردنی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە گولەنەوە هەیە ڕەتکردنەوەش لەلایەن دادگاکانەوە وەک بەڵگەی سەرەکی لێکدەدرێتەوە لە سەلماندنی ئەندام بوون لە کۆمەڵەیەکدا. لە کودەتا شکستخواردووەکەوە، کومەڵێک تۆمەتی ئەشکەنجەدان بە دەستبەسەری لای پۆلیس دەرکەوتوون. نیڵس مەلزەر، ئامادەکاری ڕاپۆرتی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەشکەنجە و درندەیی و سوکایەتیکردن و مامەڵەی نامرۆڤانە یان سزادان، لە شوباتی 2018 نیگەرانیی خۆی لەبارەی زیادبوونی تۆمەتی ئەشکەنجە دەربڕی کە ئەو دەستبەسەرکراوانەی لەخۆگرت کە پەیوەندییان بە گولەنەوە هەیە و ڕووبەڕووی شێوازی دڕندانەی لێکۆڵینەوە بوون بە مەبەستی دەستکەوتنی دانپێدانانی بە زۆر کە خۆیان و ئەوانەی دیکەی پێ تاوانبار بکەن.

دیارنەمانە زۆرەملێکان وا دەردەکەون کە شانبەشانی ئەشکەنجەکانی پۆلیس بن بەو هۆیەی کە ئەو کەسانەی لە کۆتاییدا بە دەستبەسەری لای پۆلیس دەرکەوتونەتەوە زۆرجار وتەی خۆ تاوانباکردنیان داوە، لەنێویاندا ئەو کەسانەی کە دانیان بە ڕفاندنیاندا نەناوە، هەروەها، ئەو کەسانەی کە ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە ڕفێندراون زۆرجار ناچارکراون وتەی ئامادەکراو واژۆ بکەن کە تیایدا دان بە هەمان ئەو تاوانانە بنێن کە لە دادگا دژیان بەرزکراوەتەوە.

هەندێک لەم تۆمەتانە پەیوەندییان بە کەیسی ناسراوەوە هەبووە. بۆ نمونە، پاش دیارنەمانەکەی، حوسەین کوتوجە لە کانوونی یەکەمی 2016 وەک بەرگریکار لە دادگاییەکدا لەسەر تیرۆرکردنی باڵوێزی ڕوسیا لە تورکیا ئەندرێی کارلۆڤ دەرکەوتەوە، ڕوداوێک کە بەرپرسیارانی حکومەتی تورکی و میدیای سەر بە

حکومەت بزاڤەکەی گولەنیان لەسەر تۆمەتبار کردووە سەرەڕای ئەوەی کە چەکدارە پۆلیسەکە مەولود مەرت ئەلتنتاش کە پاشان لە شەڕە تەقەیەکدا لەگەڵ پۆلیسدا مرد، پاش کوشتنی دیپلۆماتکارە ڕوسیەکە دروشمێکی وتەوە کە زانراوە لەلایەن گروپی جیهادیی توندڕەوی سوریا، بەرەی نوسرەوە بەکاردێت و بەرەی نوسرەش بە ئاشکرا بەرپرسیارێتیی تیرۆرکردنەکەی گرتە ئەستۆ. لە دانیشتنێکی دادگادا لە ئاداری 2019، کوتوجە وتە خۆتۆمەتبارکردنەکەی پێشووی ڕەتکردەوە کە پێشتر بە دەستگیرکراوی لای پۆلیس پێشکەشی کردبوو، وتەکەی وەک سیناریۆیەک وەسف کرد کە بە زۆر لەژێر ئەشکەنجەدا لەماوەی لێپێچینەوە نایاسابییەکەدا لەگەڵیدا پێی لەبەرکراوە و تێوەگلانی لە تیرۆرکردنەکەی کارلۆڤدا ڕەتکردەوە.

بە هەمان شێوە، وتەی دادگای گۆکهان تورکمەن لە 10ی شوباتی 2020، ئەوەی لەخۆگرت کە لەماوەی لێپێچینەوە نایاسابییەکەدا لەگەڵیدا زۆری لێکراوە تاکو دانپێدانانێکی 50 لاپەڕەیی ئامادەکراو بە دەست بنوسێتەوە، کە تیایدا تورکمەن دانی نا بە تێوەگلان لە گەندەڵیی فێڵکردن لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی (KPSS) لە ساڵی 2010، بە پێشوەخت ناردنی پرسیارەکان بۆ هاوسەرەکەی. بەپێی حسابەکەی تورکمەن، ئەو کەسانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردووە پێیان وتووە کە بەرپرسیار دەبێت لەوەی ڕودەدات ئەگەر دانپێدانانەکەی لای پۆلیس یان دادگا بکێشێتەوە. (KPSS) تاقیکردنەوەیەکی نیشتیمانیی نوسراوە کە بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی پێویستە و دەسەڵاتە تورکییەکان دەڵێن بزاڤەکەی گولەن لەپشتی فێڵکردنە ڕێکخراوەکەی 2010 بوون.

### چ. وتەکانی یەنەرۆغلو

دیارنەمانە زۆرەملێکان لەلایەن گەورە کاربەدەستانی حکومەتەوە دانیان پێدانراوە. وەک لە سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، ئەندامانی کابینەی حکومەت بە شیوەیەکی سیستماتیکی هەموو پرسیارە پەڕلەمانییەکانیان پشتگوێ خستووە دەربارەی دەنگۆکان.

پشتڕاستکردنەوەیەک کە شایەنی باسکردن بێت لەم دواییانەدا دەرکەوت کاتێک موستەفا یەنەرۆغلو، ئەندام پەرلەمانی تورکیا و سەرۆکی پێشووی لیژنەی چاودیریی مافی مرۆڤ کە لەم دواییانەدا وازی لە ئەندامبوون لە پارتی دەسەڵاتداری داد و گەشەپێدان (AKP) هێنا، لە ئایاری 2020 چاوپێکەوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی لەگەڵ ڕۆژنامەیەک ئەنجامدا کە تیایدا وەک یەکەم کەس کە دەسەڵاتێکی دیاری لە حکومەتی زۆرینە (AKP)دا هەبووبێت دەنگۆی دیارنەمانە زۆرەملێکانی پشتڕاست کردەوە.
یەنەرۆغلو بەو سێ ڕۆژنامەنووسەی ڕاگەیاند کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرد "کەیسی رفاندنەکان کاتێک دەستیان پێکرد کە سەرۆکی لیژنەی چاودێریی مافی مرۆڤ بووم. ئەو کاتە قسەم لەگەڵ بەرپرسان کرد، پێم وتن ئەگەر ئەو کەسانە لە ماوەی سێ هەفتەدا دەرنەکەونەوە، من ئیشی خۆم دەکەم بۆ بەرزکردنەوەی کێشەکە لە سەکۆی دیکەدا. لەو کاتەدا کێشەکەمان چارەسەر کرد و خەڵکی لێرە و لەوێ لە بنکەی پۆلیس دەردەکەوتنەوە. ڕێک دەزانم ئەوە چۆن ڕویداوە، چۆن تەشەنەی سەندووە، و لەلایەن کێوە ئەنجامدراوە. ئەگەر نەمزانییایە، ئاوا بە زەبرەوە قسەم نەدەکرد."
وتەکانی یەنەرۆغلو دەکرێت ئاماژە بووبێت بە میکانیزمێک کە ئەندامە پلە باڵاکانی حکومەت زانیارییان لەسەر دیارنەمانە زۆرەملێکان هەبووبێت لەسەر دەستی یەکەیەک لە دەوڵەت و توانای دروستکردنی کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی ڕوداوەکان هەبووبێت.
بەهەرحاڵ، یەنەرۆغلو زانیاریی لەسەر کاتی ڕوداوەکان نەدا و مەبەستی لە خەڵکی بەرپرس ڕوون نەکردەوە کە لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی پێدا.

## کۆتایی

تورکیا هەرگیز بەرپرسیارێتیی دیارنەمانی زۆرەملێی ساڵانی نەوەدەکانی هاوڵاتییە سیڤیلە کوردییەکانی هەڵنەگرتووە. ئێستا، ئەنجامدانی ئەو کارە دووبارە

سەریهەڵداوەتەوە، ئەمجارەیان دژی بەشێکی دیکەی کۆمەڵگە کە لەلایەن حکومەتەوە کراونەتە ئامانج.

لەکاتێکدا ئەو قوربانییانەی لە نەوەدەکاندا دیارنەمان بڕوای زۆرینە وایە لەناوبرابن، دیارنەمانی زۆرەملێی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە گولەنەوە هەیە لە چوار ساڵی ڕابردوودا وا دیارە شوێنی سیاسەتێکی دیکە دەکەوێت بە دەرهێنانی گەواهیی دانپێدانان بۆ کۆتاییهێنان بە چەند دادگایی کردنێکەوە لە دادگا تورکییەکان کە پەیوەندییان بە گولەنەوە هەیە. ئەم چالاکییانە نەک تەنها کار لە ژیانی قوربانییەکان یان خێزانەکانیان دەکات بەڵکو کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی دیکەش دەبێت کە لەوانەیە لە ڕێگەی ئەم دانپێدانانە بەزۆرانەوە تاوانبار بکرێن. بۆ نمونە، ئومیت هۆرزوم وتی ناچارکراوە تاکو وتەیەک واژۆ بکات کە ناوی 100 کەسی تێدا بووە کە ئەو هەر نەشیناسیون. ئەم کەسانە لەوانەیە لەسەر وتەکانی هۆرزوم زیندانی کرابن. وا دیارە کە هەندێک لە دانپێدانانە بەزۆرەکان ئەو ڕووداوە گوماناویانەیان کردووەتە ئامانج کە حکومەت خستویەتییە پاڵ گولەن.